World Social Forum
another world is possible

# کۆڕی کۆمەڵایەتی جیهانی ( ٢٠٠٦ )

ئاسۆ شابان
١٣ / ٠١ / ٢٠٠٦

لەم مانگەدا ، هەر وەك ساڵی پار ، کۆڕی کۆمەڵایەتی جیهانی ، خۆئامادەکاری و خۆسازدانی بۆ خۆپیشاندانێکی بەرفراوان ئامادە دەکات ، ئەم ساڵ لە نێوەندی ( ٢٤ تا ٢٩ ) ی مانگی یەنیوەری ئەم بزووتنەوەیە کارەکانی دەست پێدەکات و خۆپیشاندانەکانیان ڕێکدەخەن ، بەڵام لە ( ٣ ) شوێنی جیاواز بەیەك :

( ١ ) کاراکاس لە فینزویلا .
( ٢ ) کاراشی لە پاکستان .
( ٣ ) باماکۆ لە مالی .

ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی هۆڵەندا (( ماینا فان دێر زڤان ))* ی وەك نوێنەرایەتی خۆی دەنێرێتە ( کاراکاس ) ، بەشدار بوون و پشتیوانی ئێمە بە بەشداربوونی چەند هاوڕێی تر ڕادەگەیەنێت ، دوای گەڕانەوەی لە مانگی فەبریوەریدا چالاکی ئێمە بۆ هەمان ڕەوت و ئامانج دەست پێدەکات و لەچەند شاری جیاواز خۆپیشاندان و بڵاوکراوەو چالاکی جۆراو جۆر ئامادە دەکرێت .
ڕۆژی یەك شەمە ڕێکەوتی ( ٥ ) ی فەبریوەری ( کۆڕی کۆمەڵایەتی هۆڵەندا ) ڕێکخستن و ئامادەکاری خۆی و زانیاری تەواو لەم بارەیەوە ڕێکدەخات و ڕای دەگەیەنێت * .
بەشداربوون و خۆئامادەکرنی سەرۆکی فینزویلا ، لە پێناو برەودان و بەهێزکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا و سەرجەم بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانی تری ئەمەریکای لاتین دژی لیبراڵە نوێیەکان ، جێگەی سەرنج و خاڵی وەرچەرخانە لە پێناو بەرفراوانکردن و بەهێزکردنی بزووتنەوەی دژە سەرمایەداری جیهانی و لیبراڵە نوێیەکاندا .
ئەوەی شایانی باسە پار لە هەمان بۆنەدا ، نزیکەی ( ٢٠٠ ) هەزار کەس بەشداری و ئامادەبونی خۆیانیان نیشاندا ، بەتایبەتی لە ( بەرازیل و پۆرتۆ ئەلێگرا ) ، ئەم کۆڕە توانیوێتی لە نێوەندی ( ٩٠ ) دەوڵەتدا زیاتر لە ( ١٢٠ ) هەزار کەس لە دەوری خۆی کۆکاتەوە ، جگە لە بەشداربونێکی بەرفراوان و بەرچاوی سەندیکا کرێکاریەکان و چەندەها کەسایەتی نێوداری نێو ئەم بزووتنەوەیە و چەندەها ڕێکخراوەی سیاسی جۆراو جۆر ، ساڵی پار لەهەمان بۆنەدا

( ئەلێکس کالینیکۆس ) یەکێ لە ڕابەرانی ( پارتی کرێکارانی سۆسیالیست_ بەریتانیا ) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ، کە تەنها بزووتنەوە کۆمەڵایەتەکانی وەك ( دژە کەپیتالیزم ) بەتەنها ناتوانێت برەوی ئەم بزووتنەوەیە بەرێتە پێشەوە ، بەڵکو دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە کار بکرێت ، کەهەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە ئازادی خوازەکان و بزووتنەوە ڕزگاری خوازەکانی جیهانە هاودەنگ و هاوخەبات بن دژی دەسەلاتی ڕەهای ئیمپریالیزم و سەرمایەداری جیهانی ، دەبێت هەموو پێکەوە ئەم بەرەیە گەشەو برەو پێ بدەین لە پێناو بەهێزکردن و گەشەکردنیدا ، هەمیشە وانەکانی خەباتی سەرتاسەری ئێمە ، فێری ئەوەمان دەکەن کە چ جۆرە ئەلتەرناتیفێك لەبەرامبەر ئەم ڕەوتە جیهانیەی سەرمایەداراندا پێشنیار بکەین ، هەر ئەم پێشنیارەشە ئێمە هاوخەبات و هاودەنگ دەکات ، بۆیە خەباتی کاری هاوبەش پرسی ئەمڕۆ داهاتومانە .

خۆ ئامادەکرنمان لەم ڕۆژەدا هەموو بزووتنەوە سۆسیالیستەکان و بزووتنەوە ئازادیخوازو ڕزگاریخوازەکانی جیهان لە خۆ دەگرێت ، بزووتنەوەکانی دژە ( گلۆباڵیزم ، سەرمایەداری ، شەڕ ، ڕاسیزم ، بازاری ئازاد ، سندووقی بانکی نێودەوڵەتی ، ...... هتد ) پێکەوە هاودەنگ و هاوهەڵوێست دژی سستمی نێوی سەرمایەداری جیهانی و لیبراڵە نوێیەکان خۆنیشاندەدەن و بانگەوازی ئەڵتەرناتیفێك دەکەن لە پێناو جیهانێکی باشتردا ، پێداگرتن لەم ڕۆژەدا لەسەر وەستانی سستمی شەڕ لە پێناو لە نێو بردنی دەسەلات و کۆلۆنیاڵ کردنی جیهاندا لە لایەن ( ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیەوە ) هاوکارو کۆمان دەکات ، خاڵی ڕۆشن و گەشی ئەم بزووتنەوەیەش چیتر یەکخستن و لێك نزیکردنەوەی بزووتنەوەی نارەزایەتیەکانی جیهانە لەیەك بەرەو یەك ئامانجدا ، خۆ نیشاندانی هێزکە لە بەرامبەر هێزی ڕێکخراوی سەرمایەداری جیهانیدا ، دەبێت ئەو خاڵەش چاك ڕەچاوکەین کە شەڕی ماڵوێرانکاری عێراق و ئەفغانستان و فەلەستین و .. هتد ، جگە لەباجی دارای دەهێندەش باجی مرۆیی دەدرێت ، ئەم باجەش بە دڵنیاییەوە دەبێت هاووڵاتیانی هەردوو بەرەی شەرکەرو داگیرکراو بیدەن ، ئێمە تەواو لەسەر ئەوە کۆکین ، کە دەبێت دەست بەجێ ئەم شەڕانە بوەستێنرێن و سوپای داگیرکەران ئەو وولاتانەی داگیریان کردوە دەست بەجێ بەجێی بهێلن و قەرەبووی زەرەرو زیانی ماڵی و گیانی خەڵکی ئەو وولاتانەش بدرێتەوە .

ئێمە بانگەوازی هەموو کەسێکی سۆسیالیست و ئازادیخواز دەکەین کە پەیوەست بن بەم کۆڕەوە ، خۆرێکخەن و بەشداربن بەهەر چالاکیەك کە لە تواناندا هەیە ، هەوڵبدەن چالاکی و خۆپیشاندانەکانیان لەم ڕۆژەدا بەرفراوانترو گەشەسەندوو تر بکەن بەتایبەت لەو وولاتانەی کە کەمتر ئەم بزووتنەوەیە خۆنیشاندەدات .

==========================================================

. ( Maina van der Zwan ) *

* ( NSF ) ، Nederlandsocialeforum .
* ( WSF ) , Worldsocialforum .